کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org
10-9-2007 19:32:07 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی**
**بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای سلێمانی**
**هۆبەی / ڕاگەیاندن**

ASAISH
ئاسایش

**ژمارە :** 202
**ڕۆژ :** 9 / 9 / 2007

**بۆ / سایتی کوردستان نێت**

**ڕوونکردنەوە**

**ڕۆژی 2007/9/3 لە سایتەکەتاندا هاوولاتیەك بەناوی ( سەرهەد محمد ) پەیامێکی ئاڕاستەی ئاسایش کردووە کە تێیدا باس لەوەدەکات کە بەحەوت کارمەندی ئاسایشەوە لە یەکێك لە شارۆچکەکانی کوردستاندا گە نجێکیان تەعزیب داوە . گوایە ئەو گە نجە پێشێلکاری یاسای کردووە , داواکارین لە بەڕێزتان و ئەو هاوولاتیە کە ناوی ئەو شارۆچکەیەو ناوی ئەو کەسەی کە تەعزیب دراوە لە سایتەکەتاندا بلاو بکاتەوە یان بەم ئیمەیلەی خوارەوە بۆمانی ڕەوانەبکات تاوەکو ئەگەر لە سنوری دەسەلاتی بەڕێوەبەرایەتیماندابێت لێکۆڵینەوەی وورد لەڕووداوەکە بکەین و ئیجرائاتی یاسای پێویست ئە نجام بدەین . چاوڕێی هاوکاریتانین . چونکە کارێکی لەو چەشنە لەلایەن ئێمەوە جێگەی قبوڵ نییە , بە نەبوونی زانیاری تەواو ناتوانین هیچ ڕێوشوێنێکی یاسایی بگرینەبەر .**

**ئیمڵی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی (** Asaish1992@yahoo.com **)**

**لەگەڵ ڕیزدا**

**هۆبەی ڕاگەیاندنی ئاسایشی سلێمانی**
2007 / 9/ 9

**<u>وێنەیەکی بۆ</u>**
- **ئەرشیف**

**تێبینی کوردستان نێت:**
**لەگەڵ ڕێزمان بۆ ئاسایش، کارەکانیان بەرز دەنرخێنین، ئەو ئارامی و ئاسایشەی لەکوردستاندا هەیە ئەنجامی شەونخوونی و ماندووبوونی ئەوانە، داواکارین کاک سەرهەد محەمەد بەدەنگ داواکەی ئاسایشەوە بێت و وەک پێویست ئاگاداریان بکاتەوە، لەگەڵ ڕێزماندا**